متمانە و کلتوور.. مەرجی لەپێشینەی خۆپارێزیی و مانەوە ئەمین بۆتانی …

ئەرکی هەر یەکێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی (تۆژی بیرکەرەوە)؛ وردبوونەوەی زیاترە لەهەر رووداو و پەرەسەندێك بەمەبەستی پەیداکردنی تێگەیشتن و وێناکردنێکی هەرە نزیك لە سرووشت و جووڵە و ئاراستەی پرسەکان، بۆ دۆزینەوەی باشترین شێوازی بەرگرتن لەهەر پێشهاتێکی نەخوازراو سەبارەت بەهەموو کار و کایەکانی ژیان.

بێگومان لێرەدا مەبەستمە لەبارەی یەك دوو لایەنی پەیوەست بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بدوێم، هەبەت ئەوەی بەلای منەوە گرنگە و دەتوانم قسەیان لەسەر بکەم کە بە ئەرکی خۆمی دەزانم هەر ئەوەیە. بە بۆچوونی من؛ ئەمڕۆ ئەرکی ئەو تۆژەی باسمکرد ئامۆژگاریکردنی خەڵك نیە چۆن دەست و پەنجەیان بشۆن و ئاگایان لەخۆیان بێ، چونکە ئەوە کاری دامەزراوە تەندروستیەکانە و لیژنەی باڵای رووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بۆاوی دەکاتەوە و لەسەر هاووڵاتیانیش پێویستە پێیەوە پابەند بن،، بۆجگە لەوە بە دڵنیاییەوە پرسی خۆپاراستن و پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکانەوە خواست و هەوڵستێکی سەرانسەریی هەموومانە.

گوتم (لەسەر هاووڵاتیان پێویستە پێیەوەی پابەند بن)، ئەوە بۆ چەندین هەفتە دەچێ قسەی هەموومان هەر ئەوە بووە پێویستە پابەند بین بۆ ئەوەی بە کەمترین زیان لەم پەتایە دەرچین،، بەڵام هاوکات هەموومان ئاگادارین وڵات هەیە هەتا ئێستاش کە پەتاکە چۆتە قۆناغێکی یەکجار مەترسیدارەوە کەچی جووڵەی نەکردووە و وەك پێویست هەنگاوی نەناوە بۆ بەرگرتن و خۆپارێزی و تەنانەت پلانێکی ئەوتۆشی نیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا. بەڵام خۆشبەختانە لە کوردستانەکەی خۆمان دەبێ دڵخۆش بین بەو پلان و هەنگاوانەی (حکوومەتی هەرێمی کوردستان) و رژدی و پەرۆشی خودی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاك (مەسروور بارزانی) کە لەگەڵ تیمە لێهاتووەکەی پشمەرگەئاسا شەو و ڕۆژ دەکەنە یەك و ئێشك گرن بەدیار تەندروستی وڵات و هاووڵاتیانەوە،، ئەوەی لە کوردستان کراوە ئەزموونێکی دەگمەنە و هەمووان شایەتی خێری بۆ دەدەن،، دڵنیام ئەم کار و هەمەتە بۆهاوتایەی حکوومەتی کوردستان دەبێتە

رەسید و زەخیرە و پاشەکەوتکی یەکجار مەزن بۆ خۆناسین و بنیاتنان و کۆکردنەوەی پارچەکانمان و دواجار تەکمەکردنی ژمەندی و ئنتیما و ئاوێتەبوونی خەڵك و خاکی کوردستان،، لەم رووەوە من بەش بەحاڵی خۆم ڤایرۆسی کۆرۆنا وەك بەرەکەتکی مەزن دەبینم،، چونکە ئەوەی لای دەخوێنمەوە هەرچیەکیش رووبدات خوانەخواستە؛ هەر ئەوەمان بۆ ساغبوویەوە کە ئێمەی کوردستانی لە تەنگانەدا چیمان لەدەستدێ بیکەین و چیمان لەدەستهات و کردمان؛؛ ئەوە لەهەر شتێك گرنگترە ئەمڕۆ بیبینین و هەستی پێبکەین و بیکەینە خاڵی سەرەتا و پڕۆژەی داهاتوومان. بۆگومان گەلان و قۆناغەکانی ژیان هەمیشە لە ساتەوەختی مێژوویی و لەسەردەمی سەرهەڵدانی رووداوە نەقۆاکان (تەکانی بوومەلەرزەیی)؛ ڕووەوی بەخۆداچوونەوەیان ئاراستەی نوێتری بەخۆیەوە بینیوە؛؛ زهنیەت و مێنتالیتەیان فۆرمات بووە و سەرلەنوێ جیهانبینی و روئیایان بۆ کێی پرسەکانی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە،، لێرەدا ئەوەی پەیوەستە بەم پرسەوە؛ دەمەوێ بڵێم پێویستە لەهەموو سەنگەرەکان بەرگریی بکەین؛ هەر یەکە و لەسەنگەرەکەی خۆی رووبەری بەر دەمی خۆی هەموار بکاتەوە؛ مووروویی هێزی کەڵەکەبووی خۆی هەڵبژێتە کۆشی بنیاتنانەوە و سەرلەنوێ بیانکا بە پەتکی نوێی ژیاندۆستییەوە.

دەگەڵمەوە سەر پرسی؛ بۆچی دەبێ (ئەوەی پێمان دەکرێ بیکەین) هەمیشە یەکسان و هەندێ جار کەمتریشە لە (ئاست و کۆرفی پابەندنەبوون)؛ لەجیاتی ئەوەی هەموو هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ و دەرفەتەکان تەوزیف بکەین، دێین بەردەوامی بەو رادەستبوونە دڕینەی خۆمان دەدەین و بە (بیانوو)ی جۆراوجۆر پابەند نابین. هۆبەت لایەنێکی ئەم کێشەیە پەیوەندی بە پرسێکی زۆر دڕینەوە هەیە کە پرسێکی یەنقرسالی کەونیی مرۆڤایەتی گشتگیر و (ڕس)یانەیە و پەیوەستە بە پرسی ڕەوایی و شەرعییەت و مەشرووعییەت و دەسەڵات و گرۆبەستی کۆمەڵایەتی. ئەمەی دواییش راستەوخۆ بۆ پرسێکی مەترسیدار تر سەردەکێشێ و وەك ئەنجامگیرییەکی حەتمی و بێ چەندوچوون دێتە پێشەوە کە پرس و کۆنسێپتی (متمانە)یە، هۆبەت لەم ڕۆژانەی رابردوو لێرە و لەوێ هەموومان گوێبیستی ئەو ئەنجامگیریە بووین کە خەڵکانێك لە عێراق و وڵاتانی دنیا و تەنانەت لای خۆشمان لەبەر ئەوەی هاوڵاتی بەهەر هۆیەك متمانەی بە حکوومەت و دەسەڵاتی نشتیمانەکەی خۆی نەمابێ؛ راستەوخۆ گوتوێەتی (ئەوەی حکوومەت لەبارەی پەتای کۆرۆنا دەیڵێ راست نیە) بۆیە من بۆوای پێ ناکەم و (هەرگیز پابەندی ڕێنماییەکان نابم)، لەو بۆوایەدام هەر یەکێك لە گەڵەك و شار و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی گوێبیستی ئەم رستەیە بووە،، بۆگومان ئەو روئیا و بۆچوون و مێنتالیتەیە هەر هەمووی

شانی حکوومەتەکان ناگرێتەوە؛ بەڵام لە کاتی تەنگانەدا هەموو بەردەکانی ئاسمانیش بە پشتە ملی حکوومەتەکانی سەر زەوی دەکەون.
راستە، هەمیشە ئەو سەرچاوە کلتوورییەی کە مێنتالیتە و جیهانبینییمان فۆرمولە و ڕەنگ دەکەن؛ هەر ئەوە هەژموونی بەسەر ویست و ئیرادەمانەوە زاڵە و ڕێگا بە سەرچاوەی دی نادات لەگەڵیدا هاوبەش بێ یانیش جێگای بگرێتەوە، بێ نموونە کەسێک کە هێزی دنیابینی و وێناکردن لە ئایینەوە وەربگرێ، یان ئەو کەسەی بڕوای بە تیۆری پیلانگێڕیی هەیە، یان ئەو کەسەی کوردگوتەنی بە تەبیعەت لاتەریک و ڕەشبینە، ئەو کەسە ئاسان نیە بڕوا بە بوونی سەرچاوەیەکی دیکەی بەدیل بێ متمانە بکات، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە بڕوای بە تاقە سەرچاوەیەکی متمانەکردن هەیە و بەس، متمانەهێنان بە سەرچاوەکانی دیکەی بەلاوە کوفر و حەرامە. هەرگیز دەسەڵاتێکی دنیایی زائیل شوێنی ئەو متمانەیە ناگرێتەوە کە خاوەنی هەژموونی باڵا و خاوەنی دارولبەقایە، ئەم دڵگمابوونە کە تەنانەت دژ بە بنەمای خودی ئایینیشە، گەورەترین کێسپە لەبەردەم تێگەیشتنێکی ڕەوانتر بێ ئایین بەر لەوەی ببێتە کێسپ لەبەردەم تێگەیشتنێکی ڕەوانتر بێ دنیا،، بەڵام مێنتالیتەی مەرگدەستی لێرەدا بە فۆرمێکی نوێتر و مەترسیدار تر دەکەوێتە مانێ لەگەڵ ژیان و هەتا ئەگەر کێشانەکان لێوانلێویش بن لە لاشەی تووشبوانی کۆرۆنا؛ ئەو هەرگیز ئامادە نیە خۆی بەدەستەوە بدا و سەرکەچ بکا بێ ئەق.
بۆیە ئەوەی لە چین و ئیتالیا و کوردستان و شوێنانی دیکەی گۆی زەوی لەسەرەتای پرسە و پلانی خۆپارێزیی لە پەتای کۆرۆنا بەدیار کەوت؛ شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، لەبەر ئەوەی کەسانی خاوەن زهنیەتی یەتۆپیایی لاهووتی (بە ئایینی و غەیرە ئایینیەوە) هەر میکانیزمێکیان بەلاوە هەڵەشە بووە بێ سەر حورمەتی موقەددەس و پیرۆزیەکان، کە حکوومەتەکان گوتیان تکایە با قەرەباڵغی لە هیچ شوێنێک نەبێ بێ ئەوەی هەمووان پارێزراو بن، کەسانی بەڕێزی ئاییندار موسوڵمان و کریستیان و بووزی و گشت ئایینەکان پێیان وابوو ئەو پلانە دەبێ توخنی ئەو قەرەباڵغییەی نێو پەرستگاکان نەکەوێ کە ناوی نوێژ و پەرستشی بەکۆمەڵە، چونکە لە نەزەری ئەوان ئەوە قەرەباڵغی نیە بەکو هەتا سەر ئاپۆرای بەرەکەتە و هیچ دڵخۆشی نیە پێناسەیەکی ئاوەژووی بکا بە بەرا، لەبەر ئەوەی ئەو زهنیەتە پێی وایە ئەوان لە سرکێتەوە پارێزراون، یان قەدەری ژیان و مەرگ لە ئاسمانە و پێویست ناکا ئێمە لەسەر زەوی خۆمان سەخڵەت بکەین، بڕگومان ئەو قەدەرییەتە؛ سرووش و هێز لە کانگای هەرە بەهێزی متمانە وەردەگرێ کە هێزی بڕهاوتای گەردوونە (هێزی ئافرێنەر و خالق)ە، بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا خوانەخواستە ئەوە

نیە ئەو جۆرە بڕواهێنانە حاشا بە کەم و کەمبایەخ بزانین، نەخێر هەرگیز وانیە و نابێ، ئازادی ئایین و ئایینداری و بیروبڕوا پرانسیپی نەگۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین و وڵاتان و حکوومەتەکانیش کاریان بێ فەراهەمکردنی ئەو ئازادیەی هاووڵاتیانی خۆیان کردووە و ئەرکی لەپێشینەی هەموانیشە رێز لە ئازادی عەقیدە و بیروبڕوای بەرامبەرەکانیان بگرن. مەبەست لێرەدا ئەوەیە پێویستە پەرشی بڕواداران و ئایینداران لە خەڵکی دی زیاتر بێ، پێویستە ئەوان بە کردەوە پەرشتر بن لە کاسانی دی بێ پاراستنی ژیان و تەندروستی گشتی، نەک بەرنامە و پڕۆژە و پلانی حکوومەت و دامەزراوە بەرپرسەکان بە پیلان و کودەتا لێکبدەنەوە و پێیان وا بێ (قەدەغەکردنی هەموو گردبوونەوەیەك بە نۆژی بە کۆمەیشەوە) ئامانج لێی خوانەخواستە زەوتکردنی ئازادی خەڵك و قەدەغەکردنی نۆژ و پەرستش و ئایینداریە، نەخێر وانیە و بێ گشت لایەك و بێ ئایینداران بەڵکو ئیش ئەوە روون بووەوە کە هەرگیز مەبەستەکە ئەوە نەبووە لەسەرەتاوە هەندێك کەس بە مەبەست و بیانووی جیاجیا ئەوەیان دەوروژاند گوایە حکوومەتی دیموکراتی و علمانی خواخوایەتی پەتایەك بڕاو بێتەوە بێ ئەوەی لەپەنای ئەو مەسەلەیەوە دەست بێ قەدەغەکردنی نۆژی جەماعەت ببات!!!.

ئەمڕۆ لەوانەیە هەردوو پرسی (متمانە) و (کلتوور) وەك دوو کێشەی قووڵ رووبەڕووی زەربەی کۆمەگا و حکوومەتەکان ببێتەوە بێ دەربازبوون لە تەنگانەی قایرەسی کۆرۆنا،، لەهەندێ وڵات ئەگەر فاکتی متمانەش هەبێ دەبینین جۆری کلتوور و مێنتالیتەی خەڵك و کۆمەگە هیچ نرخ و بەهایەك بێ خاڵی متمانەکەش ناهێنەوە، بێ نموونە؛ ئەگەر شیعەکانی عێراق و ئێران هەتا سەر ئێسقان متمانەشیان بە حوکمڕانیی مەرجەعەکەشیان هەبێ، حکوومەتەکەی شیعە چی لەو مێنتالیتەیە بکات کە مەرجەعە رەشیدەکەیان هێکاری سەرەکی خۆقاندنی ئەو کەلتوورەیە و دەیان ساڵە بەو مێنتالیتەیە رەگەکانی وەهم بێ ئەو خەڵکە داماوە خۆرنەدیوە رەش و رووتەیە ئاو دەدات،، هەموومان ئەو دیمەنانەمان بینی کە ئاپۆرای زیارەتکارانی پەرستگای ئیمام کازم چۆن خاڵی کۆنترۆڵی هێزە ناوخۆییەکان رادەماڵن و هاوار دەکەن و دەڕۆن با سەرجەم تووشبووانی وڵاتانی چین و ئیتالیا و فەرەنساش رووڵە نەجەف و مەرقەدی ئەوان بکەن بێ شیفا و پاکبوونەوە لە پەتای ئستیکباری جیهانیی کۆرۆنا.

بیرمان نەچێ ئێمەش لە کوردستان لەو نموونەمان هەیە، ئەگەرچی ئاسمان و ڕێسمانمان فەرقە، ئەو حاڵەتە هەموومان بەدیمان کردووە و بەرلە چەند ڕۆژێك لە نانەواخانەیەك ئەو نموونە کەلتووریە خەستەم بینی و هیچ بەلامەوە سوپرایز نەبوو، لەبەر ئەوەی دەمێکە کۆمەگەی

خم دەناسم، لە خاوەنی نانەواخانەکەم پرسی بۆچی کرێکارەکانت دەستکێشیان لەدەست نەکردووە، لەوەڵامدا گوتی جارێ دەستمان بە ئیش نەکردووە و تۆ یەکەمین کەسی هاتووی بۆ نان کڕین، راستی دەکرد چونکە بینم ناو تووتی نانەواخانەیان بە (تراکسووتێکی کۆنی لە ئاوهەڵکێشراو) پاك دەکردەوە، خەریك بوو بۆنی گەوگونی خاوەن تراکسووتە نەناسراوەکە لە جیاتی بۆنی نانی برژاو هەڵمژم!!!؛ بەبۆ ئەوەی دەمامکی کردبۆ خۆی لێم نزیك کردەوە و پێی گوتم؛ بۆچی مامۆستا بۆوات بەو درۆیەی کڕۆنا هەیە؟!، گوتم ئەی ئەوە نیە خەڵك بەبەر چاومانەوە دەمرن!!!، ئینجا بەحەماسەتەوە و شەهامەتەوە گوتی: مامۆستا یەقینت هەبۆ ئەوەی لە دڵەوە بۆ (ئەشهەدو ئەن لا ئیلاهە ئیڵەڵا هەرگیز تووشی ئەو قایرۆسە نابێ)، لە وەڵامدا گوتم" ئەی یەکەمین قوربانی کڕۆنا لە کوردستان مەلایەکی داماوی بەڕێز نەبوو؟!؛ تۆ بڵێی لە دڵەوە (ئەشهەدو ئەن لا ئیلاهە)ی نەگوتبێ؟!،، یەعنی قایرۆسەکە هەیە بەڵام پێویستە لە (دڵەوە) شەهادەت بڵێنین دەنا پارێزراو نابین؟!، گوتی" شتی وا نیە. دیسان پێمگوت: زۆر چاکە برا؛ بەیانی مەسرەفی رۆگات لەسەر من؛ وەرە بەیەکەوە دەچینە ئەو قاویشەی نەخۆشخانە کە تووشبوانی پەتای کڕۆنا لێیە و جەنابیشت بۆ سەردانێکی ئەو داماوانە بکە و لەگەڵ دوعا و داوای شیفا و سەلامەتی بۆیان؛ ئەولا و ئەملایان ماچ بکە ئەگەر راست دەکەی کڕۆنا بوونی نیە. ئەوسا پێکەنی و نەیزانی چۆن چۆنی ئەو رووخسارەی خۆی رۆکبخاتەوە کە هەبزێکاوی متمانەیەکی وەهمی و دووددڵییەکی ئاشکرا بوو، بیمامەعنا بە نیگا گوناحەکانی تێگەیاندم" مامۆستا لێگەڵ هەر چۆنە با وابێ!!!". ئەمە لێرەدا لەبەردەم پارادۆکسی متمانە و کلتوورێکی شۆڕ و دابەشبووداین، جارێکیان پاکوخاوێنی لە ئیمانەوەیە و جارێکیشیان بەکارهێنانی (شەروا تراکسووتێکی کۆنی بۆگەنی چێکن) بۆ خاوێنکردنەوەی تووتی سەموونخانە هەرگیز هاودژ نیە لەگەڵ ئیمان و زەوق و پاکوتەمیزی!!!. نازانم من بۆوا بە کام پیلانگێڕی بکەم؟ کەسێك بەناوی ئایینەوە بۆتە خاوەنی تەندروستی بەندەکانی خوا و بە بەرچاوی خەڵکەوە پیسوپۆخڵی دەرخواردی کەمەگە دەدا؟ یان ئەو بیرکردنەوەیەی پێوایە لەبەر ئەوەی قایرۆسی کڕۆنا پیلانی (ماسۆنییەت و جوولەکە و ئەمەریکا و زلهێزە بەرژوەندخوازەکانە) دەبۆ ئەمە گوڵایەڵی ئەو حکوومەتانەش نەبین کە علمانین و ئەقڵە لەگۆڵی غەرب و تاغووتەکانن و خوای گەورە ئەمە دەپارێزێ نەك دەمامك و دەستکێش و مانەوە لەماڵ، (قول لەن یوسیبەنا ئیللا ما کەتەبەڵاهو لەنا)؛ ئامەنتو بیللا، بەڕام خۆ ئایین و خودای پەروەردگار نەیفەرمووە بەدەست و پێیەکانی خۆت بچێ ناو ئاگرەوە.

بۆیە ئەم وردەکاریەم هێنایە بەرباس، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە قسە و لێکدانەوانە کرێك و ناخی پرسی متمانە و پابەندنەبوونی زۆرانێك لە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەیە بە ڕێنماییەکانی خێپارێزیی لەم پەتا نەگریسەی خەریکە کۆرفی ژیانی مرۆڤایەتی نزیك بە خاڵی سفر دەکاتەوە و هەتا ڕادەیەکی زۆر ئەگەر بیرکردنەوەی ئەو بەشەی هاووڵاتیان لەگشت وڵاتان بەو جۆرە نەبوایە کە باسمانکرد؛ ئێستا ژمارەی تووشبوان و قوربانیان زۆر زۆر کەمتر دەبوو لەوەی هەیە، خۆ ئەگەر بەخۆماندا نەچینەوە و هەمواری ئەو تێواینە وەهمییە دووەم ئایین و دووەم ڕاستییە زانستییە نەکەینەوە؛ ئەوە بگومان ئێمە و تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی باجی قورستر و قوربانی زیاتر دەدەین.
لەتەك ئەو نموونە خراپە؛ بۆشومار نموونەی دڵخۆشکەر و ئومێدبەخشیشمان هەیە قوربان.. دەنا من هەرگیز دەستم بۆ پەلەپیتکەی لابتۆکەم نەدەبرد و هیچم بۆ نووسین پێ نەبوو،، ڕاستە دەبێ نموونە ئومێدکوژەکان زیاتر هانمان بدەن بۆ کەوتنەجووڵە و ژیان و ئاوەدانی؛؛ بەڵام هەتا ژیان زیاتر سەلامەت بۆ دەبێ زیاتر بۆ پەرەپێدانی ئەو سەلامەتیەی تێبکۆشین، بۆ ئەوەی بەروبوومی کار و تێکۆشانی باشەکاران لە داهاتوودا بەشی هەموو ئەوانەش بکا جیاواز بیریان کردۆتەوە؛ پێویستە هاوکار و یارمەتیدەر بین خۆمان لە مێنتالیتەی سووکایەتی و شکاندن و نەقیزە بەدوور بگرین،، پێویستە هەر چەند خاڵێکی خراپ بەدی بکەین؛ ئەو ڕاستیەمان لەلا تۆختر بێتەوە کە ئەوە ئێمەین باشتر بیرمان نەکردۆتەوە نەك ئەوانی دی خراپ بیر دەکەنەوە،، ڕۆگای دیکەمان نیە بۆ دەربازبوون، تەنانەت لە ساتەوەختی ئاساییشدا نەك هەر تەنگانە و لێقەومان،، چونکە کەڵەکەبوونی ڕەفتار و جۆری بیرکردنەوەی ڕۆژانەمان ڕەگەکانی کەلتوور و فۆرمی زهنییەتی دەستەجەمعییمان ڕەنگاڕەنگ و ڕەگاژۆ دەکا.
پێمخۆشە لێرەدا ئاماژە بە نووسینێکی نووسەر و ڕۆژنامەڤانی ناوداری ئەمەریکی (تۆماس فرێدمان) بکەم کە لەم دواییەدا لە شێوەی نامەیەکی کراوە ئاراستەی سەرۆك ترامپی کردووە و تێیدا وەك دەستپێشخەری کارنامەی پرۆژەیەك دەخاتە بەردەم سەرۆکی وڵاتەکەی خۆی. پێشنیار دەکەم بیخوێننەوە؛ من خوێندمەوە و لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بە ناوەڕۆکەکەی دەدەم،، فرێدمان بە سەرۆك ترامپ دەڵێ" من یەکێك نیم لە لایەنگر و دۆستانت، بەڵام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە یەزدان داواکارم سەرکەوتووتان بکا؛ چونکە ئەمڕۆ زۆر شت بە بۆیارەکانی ئێوەوە بەستراوەتەوە،، پێویستە ئێوە پلانتان هەبێ و گوێ لە پسپۆران و شارەزایانی دامەزراوەی زانستی بن. هەروەها دەڵێ پێویستە بۆچگە لە مانەوە لەماڵ، کەرتی تەندروستی داتا و ئاماری ورد بخەنە بەردەست

به تەواوی وردەکارییەوە بۆ ئەوەی بتوانین رووبەڕووی ئەم پەتایەوە ببینەوە، رووبەڕووبوونەوەیەك بەرمەبنای داتا و لێکدانەوەی زانستی بێ.

کە لە خوێندنەوەی وتارەکەی تۆماس فرێدمان بوومەوە، گوتم باشە ئەمەریکای زەبەلاح تازە بەتازە بیر لەوە دەکاتەوە داتا و ئاماری هەبێ، یان هەندێ وێات تازە بەتازە بە هاووڵاتیانی خۆیان دەڵێن تکایە لە ماڵەکانتان بمێننەوە لە پێناو پاراستنی ژیانی خۆتان و تەندروستی گشتی؟!.. هەبێت چەند دەم خۆش بوو بەوەی حکوومەتی وڵاتەکەی من تا ئێستا بۆ تەندروستی کوردستانیان ئەنجامی داوە؛ هەزارجار دەخۆشتر بووم، زیاتر شانازیم بەخۆم کرد وەك کوردستانیەکی خاوەن پێگەیەکی باشتر ئەگەر بەراوردی بکەم بەپێگە و کەلتوور و متمانە و جۆری بیرکردنەوەی هەندێ کەمەگەی سەرگۆی زەوی. لەبەر ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شایەتی هاووڵاتیانی کوردستان و رۆکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەر لەسەرەتای قەیرانی ئەم پەتایەی قایرۆسی کۆرۆنا زۆر دەستوبرد و چالاکانە هاتە مەیدان و تەواوی توانا و ئیماکاناتی خۆی خستە دەخێ ئامادەباشییەوە و سەرجەم دامەزراوەکانی خۆیشی وەك یەك تیمی کار بە بەرنامە و پلانێکی تەکمەوە هێنایە مەیدان، بەهەماهەنگیەکی تەواو هاوئاهەنگ و تەواوکاری یەکدی ئەوەی بۆیان دانراوە و بۆیان دەکرێ بەزیادەوە دەیکەن،، شوێن پەنجە و جێدەست و جێهێزر و جێدێ و جێپەڕشییان لەدیار دیارترە. ئەو داتا و ئامارەی (تۆماس فرێدمان) بۆ (سەرۆك ترامپ)ی پێشنیار کردووە کە دامەزراوە تەندروستییەکانی ئەمەریکا ئەنجامی بدەن، دەمێکە دامەزراوە تەندروستییەکانی کوردستانەکەی ئێمە ئەنجامی داوە و دەمێکە لیژنەی باڵای رووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆڤید نۆزدەی نەوەی کۆرۆنا قایرۆس بە لێهاتوویەوە ئەنجامیانداوە و گەیاندوویانەتە بەردەستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەنابی کاك (مەسروور بارزانی رابەری تیمی کوردستان) بۆ بەرگرتن لە مەترسی بڵاوبوونەوەی پەتای جیهانی کۆرۆنا قایرۆس،، تیمی کوردستان شایانی دەستخۆشی و نەوازشی یەکجار مەزنن، هاووڵاتیانی کوردستانیش کە بەقەد حەزیان بۆ ژیان و ئارامی؛ ئەوانیش بەپیر ئەو ئەرکە پیرۆزە چوون و لێبڕاوانە بە ڕێنماییەکانەوە پابەند بوون؛ بۆیە ئەگەر دانبەخۆداگرتن و هەستی خۆ بە بەرپرسیارزانی ئەوان نەبوایە؛ حکوومەتیش نەیدەتوانی پلانەکانی جێبەجێ بکا و خوانەخواستە ئێمەش لە کوردستان ئێستا ژمارەی تووشبوانمان لە ژماردن نەدەهات، بەڵام خۆشبەختانە هاووڵاتیانی دڵسۆز و بە ئەمەکی کوردستان ئەوەیان سەلماند کە هەمیشە لە تەنگانەدا ئامادەی قوربانیدانن و ئەمجارەش

قوربانیدانەکە راستەوخۆ بە تەندروستی و سەلامەتی خۆیان و ماڵ و منداڵەکانیان و خزم و کەسی خۆیان و هاونشتیمانیانی خۆیانەوە پەیوەستە، گەورەتر لە قەبارەی مەترسیەکە بەپیر ڕێنماییەکانەوە هاتن و بوونە هۆی سەرخستنی پڕۆژە و پلانی خۆپارێزیی سەرانسەری لە پەتای کۆرۆنا؛ بۆیە کوردستانیان شایەنی دەستخۆشی و پێزانینێکی سەنگینن.

لێرەدا شایانی گوتنە کە ئەو ئەنجامگیریەش لەبەرچاو بگیرێ و بە وژدانەوە بڕیین؛؛ راستە هەر یەکێك لە ئێمە ژیان و سەلامەتی خۆی و ماڵ و منداڵی خۆی خۆش دەوێ، بەڵام ئەوەندە بەس نیە؛ چونکە ئێمە ژیان و سەلامەتییەکی تایبەت بەخۆمانمان نیە وەك تاك و مرۆڤ؛؛ مەرجی ژیان و مانەوەمان بە ژیان و سەلامەتی ئەوانەشەوە بەستراوەتەوە کە لەناو یەك کەشتیداین و دەمێکە مرۆڤایەتی لەسەر زاری سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوار دەکات" تکایە با بەهەموومان دەستی پێوە بگرین؛ ئێمە هەسارەیەکی بەدیل و ئەلتەرناتیڤمان نیە". ئێمەی کوردستانیش لەجیاتی ئەوەی بڕیین ڤایرەس دژیە و گەمەیەکی قێزەونە بێ مەرامی تایبەتی زلهێزان وەك لایەنگرانی تیۆری پیلانگێڕیی بڵوایان پێی هەیە و بانگەشەی بێ دەکەن، لە جیاتی ئەوە با ئێمەی کوردستانی ئەو پەتایە وەك دەرفەتێك ببینین و ئەوەندەی بۆمان بکرێ وەربەهێنانی ئەو پرسە بکەین بێ بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆمان؛ دڵنیام ئەو ماوە کەمەی لەسایەی ترسولەرزی ئەگەری تووشبوونمان بە کۆرۆنا لەماڵەوە بەسەرمان بردووە؛ بۆجگە لە دڵخە تەندروستیەکە؛ هەستی قووڵ و پتەویشی لای هەموومان دروستکردووە کە ئەگەر جاران بە ژیانەوە پەیوەست بووبێتین، ئێستا ئەو ئەزموونەمان زیاتر هەستێکی شانازییکردنی پێبەخشیوین، بە متمانەی زیاتر لەجارانەوە پەیوەست و پەرۆشی ئەو کەشتیەی خۆمانین کە ناوی کوردستانە و ئەگەر سەوزانێکی باش نەبین؛ خوانەخواستە هەرهەموومان بەیەکەوە نقوم دەبین.. تا ئێستا باشمان هێناوە و سەوڵقانانی ئێمە لەخوا بەزیاد بێ دڵسۆز و لێهاتوون، تەنیا لەسەر ئێمەی دانیشتوو لەناو کەشتیەکە پێویستە هێز و وەرەیان پێبدەین و هاوکاریان بین؛ نەك وەك هەندێك بکەین کە بەداخەوە لەم ساتەوەختە هەستیارە عەجوولی دەکەن و خەریکی کونکردنی ئەو کەشتیەی خۆیانن؛ کە خوانەخواستە ئەگەر نغرۆ ببێ؛ تامی گەیشتن بەو بەری لێوار بەکەکی چی دێ؟!!!.

دەگەڕێمەوە بێ هەردوو خاڵی متمانە و کلتوور؛ ئەمڕۆ بەرگەگرتن و مانەوە و بەردەوامیمان و جۆری مامەڵەکردنمان لەگەڵ پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا؛ یان باشتر بڵێین ئەوەی تا ئێستا کراوە (هەڵبەت باشمان کردووە) هەرگیز لە بڕیارەوە نەهاتووە،

نەخێر لە بڕیارەوە نەهاتووە، سەرەڕای هەموو کەموکورتیەکانمان لە گشت سێکتەر و بوارەکان، سەرەڕای هەموو رەخنەکانمان، سەرەڕای هەموو چاوەڕوانیەکانمان، سەرەڕای هەموو گەندەڵیەکانمان؛ بەڵام ناکرێ چاو لە ئاستی ئەو توانستە کەلتووریەی خەڵکان و ئەو متمانە رەسەن و خەماڵییەی خەڵکان بنووقێنین، چونکە ئەگەر ئێمەی کوردستانیی ئەو پاشخانەی هێزی بەرخودان و هێزی مانەوەیەمان نەبایە، هەرگیز حکوومەت و دامەزراوەکانیشمان بەم شێوەی ئەمڕۆ نەیاندەتوانی پارسەنگی دژخێکی شڕقی پەتایەکی جیهانی وەك کۆرۆنا سەرکەوتووانە راگرن و پەنا بەخوا و بەهاوکاری هاووڵاتیان و پلان و پڕۆژەی تەواوکاری حکوومەتی کوردستان بەسەر ئەو کێسپەشدا زاڵ دەبین و بە زەرەر و زیانێکی کەم و بەسوودێکی یەکجار زۆرەوە لەم تاقیکردنەوەیە دەردەچین، پێموایە هەموو ئاماژە و پێنوێنەکان لە بەرژەوەندی ئایندەی وڵاتێکی بەهێزە کە ناوی کوردستانێکی سەربەخێیە، هەر ئەزموون و تەنگانەیەك ئەو راستیەی سەلماندووە کە کوردستان و کوردستانیان بەرلەوەی شایانی ژیانێکی باشتر بن؛ شایانی بیرکردنەوەیەکی باشترن، چونکە قورسایی قەبارەی قوربانیدانی ئێمە پێمان دەڵێ ناکرێ جیاواز بیر نەکەینەوە؛ بۆ ئەوەی بتوانین جیاواز بژین؛ جیاواز بیرکردنەوە و وێناکردنی ژیانێکی باشتر دەبێتە ئەرك نەك بژاردە.

لەکۆتاییدا دەڵێم؛ ئێمەی کوردستانی ئەگەر بپرسین؛ لەم راکەڕاکەی کۆرۆنا تا چەند توانیومانە بەرگە بگرین و سەرە داوەکان ون نەکەین؟ چەند توانیومانە لەناو تاریکوڵێی پەتای کۆرۆنا رووناکایی شەفەقی سپێدە ببینین؟ لەوەڕامدا؛ بە دڵنیاییەوە ئێمە وەك حکوومەت و خەڵك و دامەزراوەکان و مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی لەگشتی ئایینەکان و ڕۆشنبیران و میدیاکاران و هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە و پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆ و زۆرەڤانی و ئەوەی هەمانە و نیمانە هەر هەمووی (ئەگەر کەموکوڕییش هەبێ) لەیەك سەنگەردا بەرگریی لە ژیان و سەلامەتی دەکەن و لەسەرووی هەمووشمانەوە پێشمەرگە ئازاکانی ناو دامەزراوەی تەندروستی بە هەموو ستافەکانیانەوە شەونخووونی و ڕۆژنخووونی و ساتنخووونی دەکێشن لە پێناو پاراستنی گیان و ژیانی کوردستانیان.

زۆر باش دەبێ لەوەوە زیاتر تێبکۆشین لەپێناو داڕشتنی ستراتیجێکی هەمەلایەنەی ئەوتۆ ئایندەیەکی ڕۆشن بۆ نەوەکانمان فەراهەم بکەین،، هەبەت پێویستمان بە ناوەند و دامەزراوەی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی مێژوو و کەلتوور و کۆمەڵناسی پسپۆر دەبێ، ئەوەی هەمانە فرەوانی بکەین و ئەوەی فرەوانە ڕێکیبخەینەوە و ئەوەی ڕێکخراوە بە ئاراستەی نوێ و گونجاوتر بەرنامەڕێژیی بۆ بکەین.

پێویستە قەیرانەکان بەهێزترمان بکەن، بەهێزتر بە مانای نەرمبوونەوەی زیاتر و کورتکرنەوەی ئەو دووراییەی لە نێوان کایەکان و توێژەکان و هاوبەشەکانی ئەو سەرزەمینەی کێمەگەی کوردستاندا هەیە، کارلێکی و وەبەرهێنانی خاڵە هاوبەشەکان و بەرپاکردنی ئاشتەوایی و کرانەوەی زیاتر لە پێناو دامەزرانی ئاشتەوایی کلتووری و زامنکردنی ئەو متمانە هاوبەشەی پێویستە بێ مانەوەی هەمووان و زەروورەتی بەیەکەوەبوونی هەمووان و دایەڵگی هەمووان، بە ئاراستەی رەواندنەوەی ئەو گومانە دێرینەی لەسەر زهنیەتی کێمەگە کەکە بووە و زیان بەهەمووان دەگەیەنێ، بە ئاراستەی رەواندنەوەی ئەو ترسەی لەو کورتهێنانە کلتووریە سەرچاوەی گرتووە کە وەاتی ئێمەی بە خاك و خەکەوە کڵێ و کێلە کردووە، پێویستمان بە کلتوورێکە لەو دیدە واقعییە زانستییەوە هێز و متمانە وەربگرێ کە ئەوە چەندین ساڵە ئەوەی لێی دەقەومێ هاوار و هانای خێی بێ کوردستان و کوردستانیان دێنێ، خێرە؟ دەبێ کوردستانیان لەخێیان بپرسن خێرە؟ ئەرێ خێرە؟ باشە ئەو خەکەی لە ترسی کوشتن و بێین و ترس و برس هەدێ و رووە کوردستان دەکا، لە سووریای عەرەبی و عێراقی عەرەبی و بەغدا و رەمادی و مووسێ و نازانم کوێ و کوێ، لە عەرەب و غەیرە عەرەب و لە موسوێمان و کرستیان و گشت نەتەوە و ئایین و ئەتنیك و مەزهەبێك کە لێیان دەقەومێ بێچی دەبێ رووە کوردستانەکەی ئێمە بکەین، تەنانەت دژمنەکانمان لە کاتی شکست و تەنگانەدا کە فیشەکیان نەماوە بێ کوشتنمان زۆر بە دێنیاییەوە خێیان رادەستی پێشمەرگەی کوردستان کردووە، ئەوە چ کلتوورێکی جوامێرانەیە هەمانە؟!! ئەی ئەو کلتووریە ئەوان چی بسەرهات کە ئێمەیان پێ هەخەتاندووە، ئەو کلتووریە ئەوان بێ کوێ رێیشت کە کوردستانیان پێ داگیرکردووە و خەکی ئێمەشیان پێ چاوبەستە و چەواشە کردووە؟!!!، ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە ئێمەی کوردستانی لەمەودوا چۆن بیر بکەینەوە، چیتر خێمان بە قوربانی خەك نەکەین، رۆزیان بگرین هەتا ئەو شوێنەی رۆزمان دەگرن، دەنا ئەوە کلتووریەکەی ئێمەی کوردستانیانە بێتە چەتری ئاشتەوایی و پێکەوەژیان و خێر و بێر بێ هەموان، بێیە دەڵم پێویستە قەیران ئەوەمان فێر بکا هەمواری ئەو مێنتالیتە بکەینەوە کە متمانەی بە خێی نیە و بەخڵایی متمانە بە ئەوانی دی دەبەخشێتەوە، دەبێ لە درزەکانی ئەو کلتووریەی خێمان وردبینەوە بێ ئەوەی بزانین ئەو بێتمانەییە لەکوێوە دزە دەکاتە نێو ئیرادە و خەیاڵدانی تاکی کوردستانییەوە، دەستنیشانی ئەو سەرچاوە کلتووریانە بکەین خراپ هەژموونی خێیان رێکردێتە سەرخوانی ساویلکەیی و خێشباوەی ئێمە، کە دواجار هێزی لێجیك و ئەقڵ و

لێکدانەوە و تەفسیر و تەئویلی لە مرۆڤی ئێمە سەندۆتەوە و لە شوێنی ئەو هێزە؛ هێزی قایلبوون و رادەستبوونی بە کلتووری ئەوانی پێ بەخشیوە، بگرە بەسەریدا سەپاندووە.
بۆیە دەبێم؛ ئەوە ئەرکی ئێمەی کوردستانییە (بەتایبەت توێژی بیرکەرەوە) زەوینە بۆ هەناسەدانی ئەو کلتوورە رەسەن و خۆماڵییەی خۆمان خۆش و خەرمان و خەنی بکەین، هاووڵاتیانی ئێمە ئەگەر ئەمەش نەبێ، بەیانی و دوو بەیانی هێز و متمانە لەو کلتوورەی خۆیان وەرگرن، لەهەموو بیرکردنەوە و پرس و پەرستشی خۆیان ئازاد بن و تایبەتمەندیی کلتووریی خۆیان بپارێزن و شانازیشی پێوە بکەن، لێرەدا زیاتر رووی قسەم لە هاودینە بەڕێزەکانی خۆمە کە موسوڵمانن، لە زۆربەی ئەو ئازیزانەی خۆمم بیستووە کە باس دێتە سەر ئەزموونی وڵاتێکی وەك ماڵیزیا لە بنیاتنان و پێشکەوتن؛ زۆربەی هەرە زۆریان شانازی بەو ئەزموونەی ماڵیزیا دەکەن، بەڵام کە قسە دێتە سەر کلتوور و جۆری کرانەوەی ماڵیزیا و تێوانینی ماڵیزیەکان بۆ پرسی دین و دەوڵەت و تایبەتمەندی کلتووری رەسەن و خۆماڵیی ماڵیزیا کە تاکە هێکاری گەشەسەندنی ئەو وڵاتەیە، دەبینی یەکسەر بادەدەنەوە و خۆیان لەو بابەتە نەبان دەکەن، هێکارەکەشی ئەوەیە کە لە دووڕەوە بە پەرەسەندنی وڵاتێك شاگەشکە دەبن کە وڵاتێکی زۆرینە موسوڵمانە، هەر ئەوەیان بەلاوە گرنگە،، دەنا ئەو ئایینداڕە موسوڵمانە بەڕێزانەی خۆمان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەزموون و تێوانینی کلتووری جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پرسی ئایین و ئایینداری و تێگەیشتن و تەفسیر و تەئویل و مامەڵەکردن لەتەك تێکستی پیرۆزی ئایین، دەنا بۆچی دەبێ ماڵیزیەکان ئەزموونێکی سەرکەوتووی موسوڵمانەی جیاوازیان هەبێ بە بەڕاورد لەگەڵ ئەزموون و روئیا و تێگەیشتنی عەرەب و تورك و فارس و (کوردی داماوی ژێردەستە و وڵاتداگیرکراوی دەستی ئەو هەر سێ نەتەوەی عەرەب و تورك و فارس کە هەمان ئایینی ماڵیزیەکانیان هەیە) بەڵام بەداخەوە ئەو سێ نەتەوەیە هەمان روئیا و جیهانبینی ئەوانیان نیە، لەبەر ئەوەی کلتووری کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و خاوەن تریدشنی کۆنەپارێزی لێوانلێو لە غەدر و کوشتن و داگیرکاریی؛ ئەستەمە بتوانێ روئیای ژیاندۆستی لە دەقی ئایینی هەڵێنجێ، ئەو ئایینەی یەزدانی ئافرێنەر بۆ ژیانی مرۆڤەکان و بۆاوکردنەوەی مەیلی ژیاندۆستی بۆ ئادەمیزادی ناردووە، داگیرکەرانی کوردستان ناشوکری نەبۆ هەر هەموویان موسوڵمانن، کلتووری تورکیای ئەمڕۆ کلتوورێك نیە ئاکەپەی ئیسلامی دایمەزراند بۆ، ئەوە کلتووری کەمالیستەکانە، دەنا ئەگەر ئاکەپە بێ بلۆ بە شەو و رۆژێك ئەو کلتوورەی تورکیا تەفروتونا دەکات و یەکپێشی و

یەکباوەی بەسەر هەموو خەڵکی تورکیا دەسەپێنێ. فارسەکانیش کە ئەمڕۆ شیعەبوونیان بەسەر وڵاتی هەمەهەنگی ئێراندا سەپاندووە و تەنانەت ڕێگا بە بوونی مزگەوتێك بۆ برا موسوڵمانە سوننەکانیشان نادەن ئاشکرایە لەوە چ دەگوزەرێ. برا عەرەبەچاوەڕوانەشەکانیشمان وازحە چیان بەسەرمان هێناوە، خوا خێریان بنووسێ کە بە سووڕەتی ئەنفال بەسەریان کردینەوە و ئیمەیان بە سزای کافرەکان گەیاند، هەرچی ژەنگی فقهی تونديەویی خۆیان هەیە بە ڕێگای چەند کوردێکی داماو بۆ کوردستانی خۆرنەدیو گواستەوە. بەدەر لەوە؛ کلتووری کۆمۆنستەکان و چەتری سۆڤیەت و بارانی بە لێزمەی کوردستان و کلتووری بەرگریکردن لە گەلانی ستەمدیدە و هێنراوە پیاهەڵدان بە بەژن و باڵای شۆشگێڕانی دنیا لە کووبا و ڤیەتنام و جیهانی سێیەم و ڕەشپێستەکانی ئافریکا و داماوەکانی ئەمەریکای لاتین و گۆرانی چێین بۆ برایانمان لە سەنگەرە پرش و بڵاوەکانی ئەم گۆی زەمینە، لاوانڕەوەی کوردی داماو بۆ تێکۆشەرانی دیموکراسی و کلتووری دیموکراسییەت و علمانیخوازی و کرانەوە و ئازادی ئینسان و شوێنکەوتنی دەیان و سەدان قسە و قسەڵکی ڕاست و ناڕاستی نێو کلتووڕە جیاوازەکانی کۆمەگە و وڵاتان و میللەتان، کەچی ئیمەی خاوەن ئەو کلتووڕە نازدار و ژیاندێستە جوانە، ئیمەی کورد و کوردستانی ماندوو و هیلاك بەدەست خەون و چاوەڕوانیەکانی شەوگار و ڕۆژگارەوە؛ ڕۆژێك ئاوڕمان لەخۆمان نەدایەوە بڕوانین خۆ ئیمەش هەین، خۆ ئیمەش تێکۆشەر و ئیماندار و شۆشگێڕ و ئایینێدار و زانا و بلیمەت و قارەمان و دانا و کەسی لێهاتوومان زۆرە، لە ئاسمانەکەی ئیمەشەوە فریشتە دێنە خوارەوە، ئەو ئاسمانەی بەدیار کوردستانەکەی ئیمەشەوە ڕەنگەکەی شینە و شەوان ئەستێرەکان دەجریوێنن، بۆیە دەڵێم پێویستە لەمەودوا کوردستانیانە کوردستانی بین، کوردستانیانە کورد بین، کوردستانیانە تورکمان بین، کوردستانیانە عەرەب بین، کوردستانیانە دیموکراسی بین، کوردستانیانە موسوڵمان بین، کوردستانیانە سوننە بین، کوردستانیانە شیعە بین، کوردستانیانە مەسیحی بین، کوردستانیانە جوولەکە بین، کوردستانیانە زەردەشتی بین، کوردستانیانە ئێزدی بین، کوردستانیانە کاکەیی بین، کوردستانیانە ئەرمەنی بین، کوردستانیانە سوببی بین، کوردستانیانە بێدین بین، کوردستانیانە بەدین بین، کوردستانیانە بژین، کوردستانیانە بمرین، وەك کلتووڕەکەی خۆمان جوان و هەمەهەنگ بین، هەمووانمان خۆش بوێ، بۆ ئەوەی هەمووان هەمووانیان خۆش بوێ.

ئیمەی کوردستانی ئەگەر بەو ئاراستەیە کار بکەین و ڕۆشنایی بخەینە سەر خاڵ و ڕووبەرە ڕۆشنەکانی کلتووری ڕەسەنی ژیاندێستانەی خۆمان،

بۆگومان لەدوای کارکردن و بە پرۆژەکردنی ئەو پرسە؛ زەوینەیەکی فرەوان و بە پیتمان دەبێ بێ ئەوەی رەگە وشکەهاتووەکانمان بەرە بەرە ئاو هەڵمژن و چڕ دەربکەن، ئەمە چیۆکێکی سەرکەوتوومان هەیە و بەزیادەوە خاڵی درەوشاوەمان هەیە لە کایەکانی ئایینناسی کوردانە و کوردستانیانە و کایەی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و تەبایی و ئەزموونی چەندین ساڵەی تاڵ و شیرین و سۆرمان هەیە ئەمڕۆ بێ ئەو پرۆژەی کلتووری کوردستانیە بەکەڵکمان بێ و بە فریامان بگات. پێویستە پارچەکانی ئەو گەوهەرەی خۆمان کۆ بکەینەوە و ئیتر بە رژدی و بە مکۆی بیر لە بە دامەزراوەییکردنی پرۆژەسازیی بکەین، حکوومەت هاوکارمان بێ، گشت کەسانی لێهاتووی بیرمەند و رووناکبیر و ئایینناس و زانا و دانای چاپووك و چەلەنگ و ستراتەژیست و ئەکادیمسیەن، هەرهەموویان پێکەوە کار بێ بنیاتنانی ئەو چوارچێوە نشتیمانی نەتەوەییە بکەن وەك چەترێك بێ دامەزرانی پەیکەرەی کلتووریی کوردستان، لەوێوە بەرەو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگە، یەکەمین هەنگاو کۆکردنەوەی سەرمایەی هزری و چاندی و هونەری و مۆژوویی و فقهی زەنگینی ئایینی زانایانی پایەبڵندی هەرچوار پارچەی کوردستان، خستنەگەڕی ماکینەیەکی میدیایی ئەکتیڤ و چاوکراوە بێ گەیاندن و ناساندنی لایەنەکانی کلتووری رەسەن و خامایمان بە نەوەی ئێستا و ئەرشیفکردن و پاراستنی بێ نەوەکانی ئایندە. هەر ئەم ڕگایە فریامان دەکەوێ، بەوە دەتوانین زامنی ئەوە بکەین کە مرۆڤی کوردستانی متمانە بە بوون و هێزی کلتووریی خۆی و حوکمڕانیی وڵاتەکەی خۆی بکات، بەم ڕگایە کوردستانیان متمانەیان بە ژیان و ژیاندۆستی زیندوو دەبێتەوە، ئەوە دەبێتە سەرەتایەکی باش بێ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ساغەم و تەندروست، بەم شێوەیە زهنیەت و مێنتالیتەی تەندروست بنیات دەنرێ، بەم ڕگایە متمانە بەخۆمان دەکەین و ناکەوینە ژێر کاریگەریی کلتووری ئەوانی دی و سوود لە خاڵە باشەکانی کلتووری مرۆڤایەتیش وەردەگرین.

دوا رستەم ئەوەیە بڵێم؛ جاران دەگوترا و ئێستاش هەیە کە دەڵێن؛ دیموکراسیەت و ئاستی کرانەوەی کۆمەڵگە بە جۆری تێوانین و بەرخوردی لەگەڵ توژی ئافرەتان دەپێورێ. ئێستا لەم قەیرانە نەڤڵایەی ناوی پەتای کۆرۆنایە و سەرەتایەکی نوێ بێ ڕچکەی مرۆڤایەتی و تەواوی پرس و پەیوەندییەکانی مرۆڤ و ژیان و جووڵەی مۆژوو دەنەخشێنێ و دەسەپێنێ، پێویستە ئەوەی ئێمەی کورد و کوردستانی دڵخۆش بکا جۆری ئەو مامەڵە سەرکەوتووانە بێ دەرهەق بەو پەتایە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە وەك حکوومەت و ئەو قەوارە جوگرافیە بچووکەی ناوی (کوردستان)ە، چۆن دڵخۆش نەبین کە دڵخی

ئەمە لە زەربەی وەتان باشترە و لە زەربەی وەتان باشتر و میکانیزمی باشترمان گرتەبەر بۆ پاراستنی هاووەتیان، بۆگومان ئەوە ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە، لە تاقیکردنەوەی شازدەی ئۆکتۆبەر زۆر گەورە تر، داستانی ئەمجارەی هاتنەدەستی هەرەمی کوردستان بۆ پاراستنی هاووەتیان لە مەترسی تووشبوون بە کۆرونا؛ لە داستانی پردێ و سحەلا زۆر گەورەترە، دڵنیام ئەم پەرشی و هاتنە مەیدانە و پابەندبوونەی کەمەگەی کوردستانی و ئاست و ئەدای دامەزراوەکانی کوردستان لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبنە پێنوێنکی یەکجار گرنگ بۆ سەرفرازبوونی ئەو کوردستانەمان کە بە درێژایی سەدان ساڵە کارەسات و مەینەتی زۆری چەشتووە و بۆگومان دەرچوونمان لەم ئەزموونە سەختە زۆر لەو رێژە نزیکمان دەکاتەوە کە دەمکە خەونی پێوە دەبینین، هەبەت بە یەکێزی و تەباییمان ئەو خەونەمان دەبێتە راستی، با هەموومان لە پێناو هەموو پابەندبین بە رێنماییەکانی ژیان و ژیاندەستی.

ئەمین بۆتانی
2/4/2020

کاریکاتێر لە رۆژنامەگەری خولاودا … هەندرێن خۆشناو

ناتوانین کاریکاتێر بە بۆ رۆژنامەگەری بنینەبەرچاومان، هەروا رۆژنامەگەریش بە بۆ کاریکاتێر، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کاریکاتێر پەیوەندیەکی ئامرانەی هەیە لەگەڵ رۆژنامەگەریدا، رۆژنامەگەری بوارێکی فراوانە و فرەجۆریی لەخۆ نوێدا هەیە، بەپێی ئەم فرەجۆریەش کاریکاتێر تووشی چەندین کاریگەری دەبێتەوە.
بۆ دیاریکردنی ئەم کاریگەریانەش دەبێت پێشتر ئەو فرەجۆرییە نوخۆیانەی رۆژنامەگەری خولاودا دیاری بکەین، یەکەم دابەشکردنیش کە دەبێت باسی بکەین، لەو ماوە کاتیە سەرهەڵدەدات، کە کاتی نێوان دەرچوونی دوو چاپی بڵاوکراوەکەیە، بە گوێرەی ئەمەش دەتوانین دوو جۆر لە بڵاوکراوە دیاری بکەین، گۆڤار و رۆژنامە، پێش ئەوەی بچینە سەر باسی جۆری دووەم کە رۆژنامەیە، هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەك بۆ

کاریگەری ئەو دوو جۆرە لەسەر کاریکاتێردا، و جیاوازی نێوان کاریکاتێر لە گۆڤار و کاریکاتێر لە رۆژنامەدا بکەین.
بەڵای ئەمە هێ بنەڕەتیەکە لە بوونی ئەم جیاوازیانە ئەو ماوە کاتیە درێژەی لە نێوان دوو ژمارە چاپکراوی گۆڤارێکدایە، کە زۆربەی گۆڤارەکان لە جیهاندا بە شێوەیەکی گشتی هەفتانە یان مانگانە یان وەرزانە یان ساڵانە چاپدەکرێن و بڵاودەکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێك رۆژنامە هەفتانە دەردەچن و بڵاودەکرێنەوە، بەڵام زۆربەی رۆژنامەکان بە رۆژانە دەژمێردرێن، بۆیە کاتێك ئەمە رۆژنامە لە گۆڤار جیادەکەینەوە، مەبەستمان رۆژنامەی رۆژانەیە.
ئەو ماوە درێژەی لە نێوان دوو ژمارەی گۆڤارێکدا هەیە، ماوە دەرفەتێکە بۆ ئامادەکارییەکی باشتر بۆ کاریکاتێر، نیگارکێشی کاریکاتێر لە ماوەی هەفتەیەکدا دەتوانێت ژمارەیەکی زۆرتر لە رووداوەکان هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی ببنە بابەت بۆ کاریکاتێرەکانی، هەروەها دەتوانێت بیرۆکەی داهێنراوەکەی پەرەپێبسەنێت و بە شێوەیەکی شیاوتر بەرهەمبهێنێت، بەڵام کاریکاتێریست لە رۆژنامەدا ناچارە بە گەیشتن بە رەوتەوەی پەلەپەلی چاپخانە، کە چاوەڕێی ناکات بۆ ئەوەی بیربکاتەوە و بیرۆکەکەی پێشبخات و چەندین پرسەی تر ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی کاریکاتێرەکەی بە نمونەترین شێوە پێشکەش بکات. سەرەڕای ئەمانەش ئەو کاتە پێویستەی لەبەردەستە لە گۆڤاردا، زۆر بە کاریکاتێریست دەدات بە بەکارهێنانی تەکنیکی زیاتر لەوەی لە رۆژنامەدا، بۆ نمونە لە گۆڤاردا دەتوانرێت کاریکاتێر بە هێنگی ئاوی یان ڕەنگی ئەگەر هونەرمەند بیەوێت جێبەجێی بکات، یان جۆرەها تەکنیکی تر، بەڵام لە رۆژنامەدا کاریکاتێریست ناچارە بەپەلە هێڵە ڕەشەکانی بخاتە سەر کاغەزە سپیەکەی و پێشکەشی دەستەی نووسینی رۆژنامەکەی بکات، بەم جۆرە کاریکاتێر لە رۆژنامە و گۆڤاردا کاریگەریش دەبێت بە تەکنیکەکانی جێبەجێکردن.
هەروەها هێکاری دەروونی خۆنەریش ڕۆڵی هەیە لە کاریگەری کاریکاتێردا، خۆنەر کاتێك لاپەڕەکانی رۆژنامەکە هەڵدەداتەوە، پێشتر ئامادەیە بۆ دیتنی رووداوەکانی دونیا یان پڕ یان چەند زانیارییەکی نوێ سەبارەت بە رووداوە کۆنەکان، واتە دەبێت کاریکاتێرەکە (مەبەست لە کاریکاتێری سیاسیە) پەیوەست بێت بە رووداوێکی نزیك، چونکە ئەگەر وێنای بابەتێکی کۆنی کرد بۆ نمونە هی دە رۆژی پێشتر بوو، ئەم بابەتەش پارزگاری لە زیندەیی خۆی نەکردبوو، ئەوا کاریکاتێرەکە وەك بنەڕەتە کۆنەی لادێت بۆ خۆنەر، تام و چێژی نامێنێت، و کاریکاتێرەکە کارایی خۆی لەدەست دەدات، چونکە ئەو خۆنەرەی چاوەڕێی نیگارێکی دەکرد کە دەربڕی بابەتێکی زیندوو بێت تووشی نائومێدی دەبێت، بۆیە کاریکاتێر (کاریکاتێری

سیاسی) لە ڕۆژنامەدا واباوە کە وێنای بابەتێکی نوێ بکات، زۆرێك لە کاریکاتێرە نایابەکان چوونەتە ئەرشیفەوە بۆ ئەوەی ڕێی بۆاوکردنەوە ببینن، تەنیا لەبەرئەوەی کە چارەسەری بابەتێکی نوێ و زیندوویان نەکردووە.
بەڵام لەگۆڤاردا (هەفتانە) خوێنەر پێشتر ئامادەیی تێدایە کە بابەتەکانی هەفتەیەکی تەواو ببینێت، بۆیە سەبارەت بە خوێنەرەوە بابەتێکی دە ڕۆژی لەمەوبەر کۆن نیە، چونکە گۆڤارەکە هەفتەیەکە دەرنەچووە، کەواتە ئەو کاریکاتێرەی کە بۆ ڕۆژنامە بە کۆن هەژمارکرا، لە گۆڤارەکەدا نوێیە، چونکە بابەتی زیندوو لە گۆڤارەکەدا، لەوانەیە ئەو بابەتە بێت کە پێش هەفتەیەك ڕوویدابێت، بەڵام لە ڕۆژنامەدا بابەتی دوو ڕۆژ پێشتر لەوانەیە زیندوویەتی تێدا نەمابێت. کەوابێت لەوانەیە کاریکاتێر لە گۆڤاردا زیندەگی بۆ ماوەیەکی درێژتر بێت لە کاریکاتێری ڕۆژنامەدا، ئەمەش وا لە کاریکاتێریست دەکات لە ڕۆژنامەدا خۆ بگەیەنێتە ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان بە خڕاییەکی زیاتر لە کاریکاتێریست لە گۆڤاردا، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر تەکنیکەکانی جێبەجێکردن و توانینی پێشخستنی نیگارەکە و پێشکەشکردنی بە نمونەترین شێوە بە جەماوەر.
سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژنامەی خولاو، بەپێی ئەو ماوە کاتیەی نێوان دەرچوون و بۆاوکردنەوەی دوو ژمارەدا دابەش دەکرێن بەسەر ڕۆژنامە و گۆڤاردا، دابەشکردنێکی دیکەش هەیە بەگوێرەی پسپۆریی هەریەك لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا، دەتوانین چەندین جۆر دیاری بکەین وەکو: ڕۆژنامەگەریی گشتگیر، ڕۆژنامەگەریی پسپۆر، ڕۆژنامەگەریی ئاڕاستەکراو بۆ بەشێك یان گروپێکی دیاریکراو لە جەماوەر بە گوێرەی تەمەن یان ڕەگەز یان پیشە، و ڕۆژنامەگەریی گاڵتەجاڕ، ئەم ڕۆژنامەگەرییەش ناوەڕۆکی جیاوازی هەیە بەپێ پسپۆری خۆی، بۆیە ئەمیش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر کاریکاتێرە بۆاوکراوەکانی نێو لاپەڕەکانیدا، و وابەستەی ئەم ناوەڕۆکەی خۆی دەکات، لەوانەیە گرنگترینی ئەم جۆرانەش ڕۆژنامەگەریی گشتگیر بێت.

هەندرێن خۆشناو

کتێب و هاوڕێ ... هۆشیارجەمال

لە ماوەی هابردوودا لەدوای گەیشتنی قایرەسی کۆرۆنا بۆ هەرێمی کوردستان و بۆیاردان بۆ قەدەغەی هاتوچۆ لە شارۆکانی هەرێمی کوردستان و هاندانی هاوڵاتیان بۆ مانەوە لە ماڵەوە، بۆ نەچوونە دەرەوە خەیان هاوڕێگە بکەن بۆ ئەوەی بڕکەوتنیان لەگەڵ خۆکی تردا نەبێت، بەهەی ئەوەی ئەم قایرەسە کوشندەیە بشکۆیەکی زۆر خێرا و ئاسان دەگوازرێتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، کە تەنها کەسێک بەس بۆ ئەوەی دەیان کەس توش بکات.

هەر بۆیە لە هاگەیاندنکانەوە هۆشنبیران و هۆژنامەنووسان زۆر گرنگی بەوە دەدەن هاوڵاتیان هانبدەن بۆ ئەوەی ئاشت ببنەوە لەگەڵ کتێب، لای هەموان ئاشنایە (کتێب خوێندنەوە) کردنەوەی دەرگای مەعریفەیە لای مرۆڤ، بەڵام لەم سەدەی بیست و یەکەدا، تا ئێستاش کتێب خوێندنەوە نەبووە بە کلتور، هاوڵاتیان لە هابردوو و لە ئێستاشدا زۆربەی کاتکانیان بۆ تەکنەلۆژیاتییەکان بەسەردەبەن، کە لەجیاتی هۆشنبیری جەهل بەاودەکاتەوە.

بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە بۆ جەخت لە خوێندنەوەی کتێب دەکرێتەوە ؟ ئایا کتێب خوێندەوە چی بۆرەهەم دەهێنێت لە کوردستان؟

لە هەرێمی کوردستان ئەو نوخبەی هۆشنبیر و نووسەران و هۆژنامەنووسان کە هاوڵاتیان هاندەدەن بۆ خوێندنەوەی کتێب، لە ماوەی هابردوودا لە جیاتی دروستکردنی هۆشنبیری هۆخنگر و یاخی، لە جیاتی دروستکردنی هوناکبیر و نووسەری بۆ هەوەست، لە جیاتی دروستکردنی هۆژنامەنووسی بۆ جورئەت، لەشکرێک لە هۆشنبیری حیزبی دروستکردووە، کە لەپاش نزیکی سی ساڵ لە حوکومەانی پێ لە گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، تازە لە نووسینی کتێبی پێ لە ستایش و ماستاوچێتی دایە، بە ئەوەی خەی شیرین بکات لای نەوەی دووەمی سیاسییەکانی شاخ، لە هەرێمی کوردستان نووسەران لە چارەکە سەدەی هابردوودا زۆربەی هەرە زۆریان نوکی پێنووسەکانیان لە جیاتی هۆخنگی جددی و بۆچوونی نوکی پێنووسەکانیان ژەهریان هشتووە بۆ کەمەگادا و هەکارێک بوون بۆ بردەوام بوونی گەندەڵی و شێبوونەوەی بەناو سەرجەم جومگەکانی کەمەگادا، نیچەی فەیلەسوف لە کتێبی (مرۆڤی بامادا) دەڵێت:" لەدیدی مرۆڤی باماوە ئەم کەسانە نەفەس نزمن، پارە پەرست، ماستاوچییەکان، هۆشبینەکان، هەواددارەکانی دەسەات و ئەو نووسەرانەی کە لەبەر خاتری پارە ئامادەن هەموو پەخشەواتێک بنووسن".

هەر لە ماوەی هابردوودا نووسەرێکی بەناو تەنزنووس لە بەرنامەیەکی

تەلەفزیۆنیدا لێیان پرسی ڕۆخنەت چییە لە نووسەران لە وەڵامدا وتی خۆیان نادەن لە هەڵە سورەکان، لە ڕاستیدا من چاوەڕوانبووم هەڵە سورەکان لای ئەو قسەکردن بێت لەسەر گەندەڵی و دەوڵەمەندبوونی نایاسایی هەزاران کەس لەسەر حسابی کەمەڵگا و نەبوونی هەزی نیشتمانی و ناکارایی پەرلەمان و فاشلی حوکومەانی چارەکە سەدەی ڕابردوو، بەڵام نووسەری بەناو تەنزنووس هەڵەی سور لای ئەوبوو کە بەشێک لە نووسەران دەربارەی ئاین نانووسن و قسە ناکەن، یاخود مجامەلەی ئیسلام دەکەن و قسەی جددی لەسەر ناکەن!؟
ئەمە جگە لەوەی لەشکرێکی تر کە بەناو ڕۆژنامەنووسن لە پشتی کەمپیوتەر و مۆبایلەکانیانەوە، لە ڕێگای سایتی سێبەر و بەناو ئەهلی و سەربەخۆ و سەدان پەیجی بە دایک و باوکەوە سەرتاپای ڕاستییەکانی کەمەڵگایان شێواندووە ، حەقی هاوڵاتی کە لای دوو حیزبی دەسەڵات، وایان کردووە کە هاوڵاتی بە شەو و بە ڕۆژ جنێو بە ئەو هەز و چالاکوان و ڕۆژنامەنووسانە بدات کە ڕۆخنە دەگرن لەم هەموو گەندەڵی و ستەمکاریی هەیە لە هەرێمی کوردستان.
وایانکردووە خەڵکی بەنان و بژیان دەسەڵات وەک بە دەسەڵات ببینن و ئەو لایەنە سیاسیانەی ڕۆخنەی توند و جددیان هەیە و شەڕ دەکەن لە پێناو هاوڵاتیدا وەک دوژمن و گەندەڵ ببینن.
لە کۆتایدا دەپرسم خوێندنەوەی کتێب ئەمە بەرهەمکەی بێت کە ئەم نوخبە ڕۆشنبیرەی دروستکردووە، خەڵکی بە چی وزە و توانایەکەوە مەیلی بە خوێندنەوە بچێت؟ هیوای بە کە بێت ژیانی بگۆڕێت؟

فەنەمەنی چەکل ... کاوە جەلال

"چەکل" توانجێکی یان پەراوێزکی سلەمانیانەیە، لە گۆڕەکە بەدەر لەوە وەک فەنەمەن وەریبگرین و ڕۆخنەیانە پەیوەی خەریک ببین، چونکە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کوردان (ی نێو ئێراق)دا تەنیوەتەوە، بەڵێ تەنانەت لە ماڵشی سەندنی سەروەریدایە.
ئاشکرایە وشە تەنیا دەربەینی زارەکی نییە، بەڵکو هاوکات ناوەرۆکێک یان ڕەوشێکی دەروونی لە خۆدەگرێت، وەک "سازگار"، "هەمەن". هەروەها وشەی دیکە هەیە کە ئاویش واتاکەی ڕەشنە، بە نموونە وشەی "چە"، لە ئەمیان وەک دوو وشە ناوبراوەکەی دی لە ناوەڕۆکێکی هەستکییەوە دەرنەکەشراوە، بەڵکو ئەمە لە دەرککردنەوە

دەزانین کە "چە" بەشێکی باریکتر و نەرمتری درەختە لە لقەکەی، ئەمیش باریکتر و نەرمترە لە قەدەکەی. لە وشەی چەکل بە پەچەوانەی ئەو نموونە هێنراوانەی سەرەوە، هیچ ناوەرۆکێک دەرنابڕێت. هەردوو دەنگی "چە..." و "...کل" زۆر سەیر پێکەوە گرێدراون، ئەوها دەنوێنێت هەروەک پێکەوەگوجاویی دەنگییان یەکی خستبن، هاوکات نیشیاو نییە لە چەقێ / چەکێ / شاکال-ەوە وەرنەگیرابێت. گەر ڕەفتاری چەکل وەربگرین، کلکەلەقەکانی، بەسەروبەرییەکەی، چاوەڕوانییەکەی بە خواردنی لاکی ئاوکراو و هتد، ئەوا پێدەچێت ئەو گریمانەیە نالەبار نەبێت – ئەمە بەگومان تەنیا گریمانەیە.
ئەمە بە هەڵەکی دیکەی بەراوردکاری باشتر دەتوانین لە فەنەمەنی چەکل نزیک بکەوینەوە، واتا گەر بیخەینە بەراوردەوە لەتەک فەنەمەنی "چەیت"دا (کەواتە، وەک فەنەمەن، سەربەخۆکراو لە ڕەچەڵەکی مۆرووبانەی سەرهەڵدانی لە سلەمانی، بەگومان هاوکات لەگەڵ ڕەزدا بە کەسی ئەوها ناونراو، چونکە بەگوێرەی وەسفکردنەکانی ئەو کەسە لەتەکیدا یەکناگرێتەوە، واتا چەیت وەک فەنەمەن لە ڕووتی بەگشتیبوونیدا واتایەکی دیکەی وەرگرتووە).
"چەیت" دەشێت ئاماژە بێت بە تلیسانەوە، یان بە سەغڵەتکەرەکی لکاو بە کەسانەوە، هاوشێوەی چەم-ی چەماوە بە لووتدا. بە هەر حاڵ لەرزش "چە" و "-یت"ی پێکەوەگرێدراو وەک وشە هیچ ناوەرۆکێکی لە خۆ نەگرتووە، هیچ ئاماژەیەک نادات، بەڵکو دەشێت گەمەیەک بێت کە بە خاتری ڕاگەیاندنی سانای زار بە خودی "چە" بکرێت و لە سپێنتانێتیی (عەفەویێتی) خۆڕاگەیاندنەوە بێتەگۆڕێ. وشەکە خۆی، وەک خودی ئەو وشەیە، ئەوها دەرفەتی گەمەی زمانیانە دەدات. ئەمە دەتوانین بە پێتر تێگەیشتن لەم ڕەوشە دەنگی "ە" بە وێنە وەربگرین: زۆر دەشێت چەنەبازییەک کە کەس لەی تێناگات و مایەی سەغڵەتییە بە کەسانی دەوروبەر، وا لەو کەسانە بکات کە بەو چەنەبازە ڕابوێرن، واتا سزای بدەن و بە پێڕابواردنەوە پەی ببەژن: "دە بەسە بێتە بێت!".
ئەمە ڕەوشکی بەم چەشنە، لە لە پەیوەندیی دیکەدا، لای گریکەکانی ئەنتیکە دەبینین: ئەوان کە خەیان لە بێگانان بە مەزنتر دادەنا، لە لەبەر ئەوەی لە دەربەدەکانیان تێنەدەگەیشتن، ئەوا بێگانەکانیان لە شێوەی ئاخافتنیانەوە ناو دەنا "باڕ-باڕس" (بەڕبەڕەکان) کە بە کوردی واتای "بێتە-بێت-کەران" دەگەیەنێت.
گرچی دەربەینی وشەی چەکل وەک دەربەینی وشەی چەیت لەسەر زار ناخۆش نییە، سەرەڕای ئەوە نیشانەی ئەوە نییە کە گەیا لە خۆشەویستییەوە سازنرابێت، وەک چۆن بە نموونە کوڕێک برادەرەکەی ناودەنێت خولە، عەبە، حەمە و هتد. چەکل هەرگیز لە داکەوتدا بە جیددی وەرناگیرێت و مرۆ حەز بە نزیکبوونەوەی ناکات. کاتێک چەیت

زۆرتر مەرکی تێپەڕاندن، دووریی، بێتاقەتی و هتد-ی هەیە، ئەوا چەکی سەرکەوتن، زۆر جاری لە کلکەلەق و خوانواندنەوە لە نەوەندی گشتیدا، لە بەبێ ئەوەی ئەو خەڵکە بێکەسانە وەک نمونەی لاسایی‌کردنەوە وەردەگرێت کە وریا و ناسک و چالاکن، ئەمانەش بەگومان کەسانی ئەوتۆن کە بە هیچ شێوەیەک جۆرێک لە نزیکی لە چەکدارەکان ناکەن. ئاخر چەکدار نە وریایە، نە ناسکە، نە چالاکە. بەڵێ کاتێک چەکدار لەیان نزیک دەکەوێتەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ پێی دەڵێن: "دە لاچە چەکدار"! ئەی ئەو؟ ئاخ ئەو! ئەو چەکدار! دەمی پان دەکاتەوە، ئەوجا خێش دەکات و بە نابەدی لەیان دوور دەکەوێتەوە. سەرباری ئەوەش هەشتا هەر واز ناهێنێت! نەخێر، ئەو تەنیا بە جەستەی لە ئەوان دوور دەکەوێتەوە، پاشان لە دوورەوە بە تیلی چاو هەشتا هەر لە ئەوان دەڕوانێت.

کەواتە چەکدار پەڕەترسیە!

ئاخر چەکدار هەردەم "چاو-لە-کردووە" و بە چەشنێک بووە بە دیلی "چاو-لە-کردن"ی کانی خۆی، کە ئیدی بەبێ لاسایی‌کردنەوە ناتوانێت پێناسەی خۆی بکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی بوێری نییە چەکدارێتیی خۆی بسەنگێنێت، بەڵکو دیلی ڕۆژکانە، ئەوا شوناسی نییە! ئەو خۆشکی کارکتەرە.

چەکداری "چاو-لە-کردووە" هەرگیز کەڵ نادات، هەردەم لە مەیداندایە و هەرگیز لە مەیدانەدا نییە: ئەو لە گشت لا دەبینرێت و ئەوەش دەشێت زۆر سانا دەوروبەری لە خشتەبەرێت، چونکە بینینی زۆری وا دەکات نەبینرێت کە ئەو هەردەم چاوەڕێی هەڵە. لە ئایا پێوەندییەکانی هەروا ئاسانن؟ نەخێر. ئیگنەرانس (خۆشەمکردن، پشتگوێخستن) بەگشتی، یان فیزداری و لەخۆبایبونی سونگەرایان کە خەیشیان تا ڕادەیەکی زۆر قایلن بە هەڵە هەکەوتووەکان بژین و هاوکات هەردەم بینیوانە کە چۆن چەکدارەکان بەردەوام دەڕوانن داخە کە ی دەرکەوتووی سیاسی لەکوێ دەرگە لە ئەوان بکاتەوە، بە کورتی، زۆر دەشێت ئەمان پتر کاریگەر بن لەوەدا کە چەکدارەکان بە ڕیز ماشی سەرکەوتن نمایش بکەن. ئاخر وەک گەتمان چەکدار بەهاکانی پێناسەکردنی خۆی لە دەرەوە وەردەگرێت و دەیانکات بە ڕێنومای ژیانی. ئەوجا ئەوی کەنەدەر هاوکات بەهای کەلاخستنیەوە بە بوغز تێنراوە، بەڵێ هەر دەرفەتێکی بە بێتە پێشەوە، بێ دەبێت بە هەڵی تێهەسەندن لە سەرجەم جڤاک، لە کولتوور، بەڵێ لە خودی ئەخلاق. ئەم دیلەی ڕۆژکان تا بێ بکرێت بە پەخشاندنی تێڕوانێت بنەڕەتکان لەکاردەخات! ئاخر چەکدار هاوشێوەی کەم ی دومەنی تەقیو بەڵێی پێوەندیی سیاسییەوە لەنەوەندی سیاسەت و کولتووردا فیچقەی کردووە، هەروەها بەهای بینینی خۆیەوە لە ڕۆژدا تەنیا وەک پاشکۆ و بندەست

دەتوانێت بە چەند ئاوەڵ چالاک ببێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە کەسانی دی بە هەڵوەستەوە و سوننەگرایانی ئیگنەرانتەوە (خۆشیمکەرەوە، پشتگوێخەرەوە) بەزی لە دەکەنەوە. ئەو وەک چاوەڕوان، ئاستێر بەڕێزین وەک چالاکەکی کەلاکوتووی چاو-لە-کردوو، چاوەڕوانی هەڵە بە وەرگرتنی ڕەفتارەکەی. ئەوجا دەبێت چ هەڵەک لەوە لەبارتر بێت کە بەدووی خەسڵەتاندنی کولتووری و سیاسیی کەسانی جاهیل و بەدجۆربوودا دەگەڕێخسێت؟ بەڵێ لەوە "هەڵی مەژووییتر" بە چەکل ناڕێخسێت! بەم شێوەیە چەکلی بەردەوام پیشخواردەوە هەدی هەدی، لە بە خشکەیی، کودەتای خۆی بەسەر هەمووانداد دەکات، بە تایبەتی بەسەر "ئەوان"دا کە هەردەم پێیان دەگوت: "دە لاچە چەکل!" تازە ئەو سەردەمە بەسەر چوو! بەڵێ، ئێستا چەکل لە کەناری خەمکییەوە "دەتە پا"، تەنانەت "دەتە نەوانەوە": ئەو دەتە "پا" بەڵێوبەر، مامەستای زانکۆ، تەنانەت دەگات بە ئاستێک کە لە تەنیشت ئەم یان ئەو سەرکەوە دابنیشێت، لە بارەگای پارتی سیاسیدا ببێت بە خاوەنی مەزی خۆی! بە چەقەنەیەک، لەسەر نامەی دەمانچەیەک، بەوانامەی ماستەر یان دکتۆرا یان هەردووکیان بەدووی یەکدا وەربگرێت! لە وەزارەتدا پێستی باڵای هەبێت! لە ئەنجومەنی پارێزگەدا کات بەسەربەرێت! لە هاوکات و بەردەوام سەفتە دەلار یان سەفتە بیستوپێنجی بخاتە گیرفانی کراسەکەیەوە، کە بە لاستیک پێکەوە ڕایاندەگرێت تا سەفتەکەیان تێکنەچێت.

